رۆژنەیەك

و

هونەری وەرگێڕان

لێکۆڵینەوەی : رەئووف أحمد ئالالانی

وەرگێڕان دێرینە رووداویکە :-سی‌وپێنج سەدە لەمەوبەر
زمانی هاوبەشی دەوڵەتان سەری‌هەڵداوە . نزیکەی شەش سەد
تاتە قوری حوورەوەکراو لە میسردا دۆزرانەوە . . بە
مێخی‌و بەیەك شێوەزمان بوون .

هەمان نموونەخشت لە دوورگەکانی یۆنانو دۆڵی دجلەو
فوراتدا هەبوون . . سەرچاوەی زمانەهاوبەشەکە
هەرکامێکیان‌بێ لەو دەوڵەتە دراوسێیانە . وەك زمانێکی
دیبلۆماسی لەسەری پێك‌هاتون . لە پەیامگۆڕیدا . دەشێ هەر
دەوڵەتەو چەند تەرجومانێکی بۆ تەرخان‌کردبێ (٣)

پێویست‌بوون بەوەرگێڕانو زوو لەیەکدی‌گەیشتن
گەیبەراددەیەك لەم سەردەمەدا — مەکینەی تەرجەمەیان
داهێناو زانا رووسەکان لەم تاقی‌کردنەوەیەدا
دەست‌پێشکەریان‌کرد . کە دەوڵەتی رۆما حکۆی ئاوابوو زمانی
لاتینیش دایەکزی . زمانی دەست‌کرد وەك (اسپرانتۆ) لەگەڵ
پشتگیرشیدا زۆری بە بەرەوەیەو دوورە کە ببێتە زمانی تەرجومانی
جیهانی . مەبەستم هۆی سەرنەگرتنەکەیەتی کە ئەمەیە :
« زمانێك کە گەل‌و مێژووی گەلێك‌و ئاداب‌و نەریتی میللی بە
پشتەوە نەبێ . لاشەیەکی بێ‌گیانە . .زمان زیندەیەکەو بە هێمنی
لەگەڵ رەوتی ژیانی گەلەکەیدا مل‌دەنێ‌و بە درێژایی رۆژگار
چارەنووسەکەی دەبەستێتەوە بە خودی گەلەکەی خۆیەوە»
رێبازەکانی وەرگێڕان ، بەکورتی :

١ وشە بەوشەو بەبێ پاش‌وپێش . .
٢ – دەقاودەق لەگەڵ هەندێ پاش‌وپێش . .
٣ - بەلێ‌زیادکردنو لێ‌کەم‌کردنەوە . .
٤ – یوختەلێ‌وەرگرتن :- وەرگێڕان بەئیلهامەوە .

گواستنەوەی وشەبەوشە کارێکی سەختە بەتایبەتی لە نێوان
دووخێڵە زمانی دوورە نەژاددا . وەرگێری ئەم لایەنە
بلیمەت‌و بەهرەمەند نەبێ . تێیدا سەرناکەوێ .
– وەرگێڕان بەزیادو کەمیەوە :

بەنموونە یەکێکی وەك دکتۆر تاها حوسەین ، پەسندی
نەکردوە . بەلای ئەوەوە کە دەقاودەق نەبێ لە تەوەری
وەرگێڕان دەترازێ .

زیادوکەمی پتر تووشی ئەو بەرهەمانە دەبێ ، کە بۆ دووەم
جارو سێیەم جار لەم زمانەوە بۆ ئەو زمان رامال‌دەکرێن

هونەری وەرگێڕان جاری پێزەوگەیەو پێنجگە لەچەند هە
گشتی . بە کورتی شتێکی ئەوتۆی دەربارە نەنووسراو
هیچ نەبێ ل ك باسەدا بەوەندە ئاشنادەبین کە کاروانی حەلكی
چۆن ئەکانی دەر ، ئێمەش هەر پیادەبین . . ! !
وەرگێڕان بووەتە بێ ئۆختیەکی ژیان . . لەگەڵ ئەوەشدا کە
سپاردەیە . تووشی گرێکاری دەبێو ئەو گەرموگوڕیەی کە لە
داناڵدا هەیە . لەمدا بەدەست نایە . بۆیە گوتویانە :
«وەرگێڕان وەك ماچ کردنی نازدارێکە . . بەلام لەپشت
شووشەی پەنجەرەوە . . !! » . (١)
«دەشێ» ئەوەی بەلای گەلێکەوە پەسندبێ ، بەلای
گەلێکی دیکەوە دزێو بێ » (٢)
دەستەموو لە زمانێکەوە بۆ زمانێك مێرشکاری خۆی
دەوێ . بۆیە لە بەیدەست کردنا . کورد وتویە :
«کەروێشکی کوێستانی بە تاژی گەرمێنی
راو ناکرێ» . . !! » .

ئەمەش بارێکی ناچاریە بەچاو هەموو زمانێکەوە . .

هەندێ زمانی خەملاّو کە لە قۆناغی ئارامدا چەقی خۆی گرتوە ، ئەوەندە بەرەنگاری ئەم دەردەنابێ ، زمانێکی وەك کوردیی ئارامنەگرتو وای بۆ رەخساوە ، کە زۆرینەی بەرهەمە دەرەکیەکانی هەندەران ، بە پردی زمانی گەلە دراوسێکانی - دا ، راگوێز بکا ، ئنجا ئەوانیش راستەوخۆ لە ئەسلە دەرکیەکەوە وەریانگێرابێ یان بە ناراستەوخۆو دوای دەستتێوەردانی بە زمانێك یان دوابەدوای چەند زمانێك ، گواستبێتیانەوە .

بەنموونە لەکوردستانی عێراقدا ، زمانی عەرەبی سەرچاوەی زانستو رۆشنبیریو ئاینیانە ، زۆرینەی بەرهەمە دەرەکیەکانیش لەو رێگەیەوە دەکەینە کوردی . . لەگەلّ ئەوەشدا کە هاوخێلّنین .

لێرەدا بیرەوەرییەکی باوکم دەگێرمەوە :«نەوەد سالێك لەمەوبەر کە دەستە فەقێك دەبێو دەکەوێتە نێو هۆبە جافێکەوە :

لەکۆری سەرخێلّدا ، شووتییەك دەهێننە بەرەوەو سەرخێلّ لێی تەسەل دەبێ ، ئنجا حەوالّەی بەردەمی پیاو خاسەکانی دەکاو دەلّێ : ئادەی ئێوەش «کرنی دەن» . . .

ئەوانیش لەوسی پێدادەهێنو دەیخەنە بەردەمی شوانەوێلّەکانو پێیاندەلّێن : ئادەی ئێوەش - کرناوکرنی بدەن - ! ! »

تەرجەمەی تەرجەمەکراویش وەك یارۆ شووتی - لە جاری دووەمو سییەمدا-- تامو رەنگی بە بەرەوە نامێنێ !

جاری واهەیە کە - لێلابردنەکە-- هەرچەندە گزیە ، باری ناچاریە ، وەك هۆی ئاینی . . . تەشەر . . . کەمایەسی نەتەوە . . پێرانەهاتنو شەرم . . . مەترسیو کەمدەرفەتی . . جۆرە وەرگێردراوەکان :

١ - زانستیە رووتەکان
٢ - زانسیتە کۆمەلاّیەتیەکان . .
بەفەلسەفەو قانونونەوە . . .
٣ - بەرهەمە ئەدەبیەکان .

وەرگێران بە نووسین سێجۆری بۆ دەستنیشان کراوە :--

أ - بۆ راپەراندنی کاری رۆژانەو بەخێرایی وەك رۆژنامەنووسی . . بازرگانی . . .

لێرەدا وەرگێرەکە فرە ماندوو نابێو ئامێرانە کارەکەی رادەپەرێنێو دواناکەوێ . ئەم جۆرەیان کارێکی راگوزارانەیە .

ب - پەیامکاریو بەلێننامەی نێو سەرانی دەولّەتان . ئەمەشیان لە تەرزی پێونجیەو لە بواری وەرگێرانی دەقاودەقدایە .

جـ جۆری سێیەمیان ، بەندە بە شتی چەسپاوەوە ، بەدرێژایی رۆژگار خۆی دادەکوتێ . تابلێی سركو ناسکە ، پێویستی بە هێمنیو ماندوێتیو بیرتیژی هەیە ، چونکە بەشێکە لە بابەتە ژیریەکان . . . ئەو زەخیرەیەیە کە رۆشنبیریی لێ‌پێك‌دێ . . . نەوە لە دوای نەوە دەبنە میراتگری .

لە دوو روانگەوە سەیری بەرهەمو زادەژیریەکان دەکرێ : ماددەی کتێبەکەو ریبازی بەیانو شێواز . . . لەسەر ئەم بناغەیە بەرهەمە ژیریەکان دەکرێن بە سێ بەشەوە :

١ - گرنگیی ماددەکە بە پلەی یەکەمو شێوازیش بە پلەی دووەم . زانستە سروشتیەکانو بیرکاری لەم بەشەیەن .

٢ - دیسانەوە ماددەکە سەرەکیەو دارشتنەکەشی ، پێویستە ئەوەندە بەچێژبێ کە خوێنەرەوەکە بە تاسەوە خووی بداتێ . . زانستە کۆمەلاّیەتیەکانو فەلسەفەو یاساگەری . لەم بابەتەیانن .

٣ - جۆرێکی دیکەمان هەیە کە زادەی ئەندێشەو داهێنانی بەسەردا زالّەو بریتیە لە بەرهەمە ئەدەبیەکان . . . بە شیعرو پەخشانو چیرۆکەوە ئەمانە داوای شێوازو دەربرینی جوانو کاریگەر دەکەن . . لەم سۆزگەردانیەدا ، بارلێگۆرینی هونەری لەپلەی یەکەمدایە ، هەر بەم سەبارەتەوە کاتێ خۆی - ئەدەب - بە لقێك لە هونەرەجوانەکان حەلێب‌کراوە .

بەرهەمی ئەدەبی . شایستەی ئەدیبە کە وەری‌بگێڕێ . ئەگەر بەو هونەرە باری دەروونیی کاریگەر نەبووبێ . زۆر نابەجێیە خۆی لە قەرەبدا . وەك دەلێن : هەموو کەسێكو خوێنەرەوەیەك چێژو ئارەزۆی ئەدەبی هەیە بەلاّم بەرهەمهێنان شتێکەو تاملێوەرگرتن شتێکی دیکەیە . . . گشت کەس تامەزرۆی خۆراکە ماددەی باشە . مەرجیش‌نیە هەمووکەسێ بتوانێ خواردنی نایابو بەتام سازبکا .

گوتمان : (بارلێگۆرینو پاراوی سەرەك‌مەرجن لە ئەدەب وەرگێراندا) ئەم گفتە پەندەئیتالیەکەمان دەخاتەوەیاد کە

(وەرگێران بێبەش نابێ لەگزیو دەستتێوەردان) . ئەمە راستە ، بەڵام با – گزیکاریەکە ، زۆرنەبێ . . . دەنا کەس ناتوانێ سپاردەکە وەك خۆی بپارێزێ ، دەشتوانێ لایەنی زۆری نەشەمزێنێو بێبەرامەی نەکا .

رێگەش لە وەرگێرانی دەقاودەق نەگیراوە ، پەیامبەری ئەم کارە ، بە هەڵکەوتو پەنجەنما دەکرێ ، سەیرلەوەدایە کە نابەڵەدەکانیش کەیفیان لەوەرگێرانی وشەبەوشەیە ، کاری ئەمانە لەبەر لێهاتوییو سپاردەپاراستن نیە بەڵکو لەبەر بێدەسەڵاتیەو برشتی چوونەناخیان نیەو ئەوەی لە جێ پەرێزیاندابەجێدەمێنێ چەند گوڵە گەنمێکی سنخواردویە . . ! !

پاراستنی گیانی دەربرینە ئەسڵەکە ، سەرەکیە ، ئەوەندە قەڵەمکاربێ کە بزانێ :

لە کوێدا توورەبوون ئاگردەدا . . . لە کوێدا باری هێمنی دەگرێ . . . لە کوێدا ئەوەندە سۆزی دەداتێ کە جواناوو مەرەکەب تێکەڵاو دەبن . . . لە کوێدا دەیکاتە گەمەو داشۆرینو . . . هتد ئەم تابلۆیانەی بەندن بە شێوازو کەرەسەو دەربرینی تایبەتیەوە . . بە هەمەحاڵ پاراستنی هەستەدەروونیی خاوەن ئەسڵەکە ، گیروگرفتێکەو لە گۆڕێدایە ! !

مەرجە گشیەکانی وەرگێر :

١ – توانای زمانی
٢ – توانای شیکردنەوە
٣ – توانای نووسینیو دارشتنو گونجاندن .
٤ – توانای تێگەیشتنو تێگەیاندن . . بە شێوازی رەوانو گواستنەوەی تەواوەوە . بۆ هەریەکێك لەو چوار بنکەیە نیمچە بەحسێکی دەوێو لێرەدا بوارەمان نیە .

وەرگێران کارێکی ئاسان نیە ، هەندێ لەو باوەرەدان کە وەرگێران لە دانان گرنترە ، چونکە لەویاندا نووسەر چەندە خۆیراتەکێنێ بەئەسڵەکەوە دەبەسترێتەوە ، دیلی واتاوبیری ئەو بەرهەمەیە کە دەیەوێ بیگوێزێتەوە . کەچی لە داناندا چۆنی لێوردبیێتەوەو باریلێبگۆرێ ئازادو سەرفرازە .

لە وەرگێراندا دەستەمۆکردنی واتای سرکو زاراوەی نامۆ لە هەردوزمانەکەداو بەرابەریان بەیەکدی ، پێوەخەریك بوونی باشی دەوێ ،هەڵکەندنی واتاو مەبەستی سەربە زمانی بێگانە ، لەلانەی سەختدایەو هەر وەها بەئاسانی بەیدەستنابێ .

وەرگێران لەپێناوی چیدا . . ؟

لەسەررۆیشتنی ئەم خاڵە بەندە بە شیکردنەوەی بارو دۆخی گۆمەڵگاو راپەرینی گەلەوە ، هەرچەندە ئەمرۆش زاردەی دوێنێیە کەچی هەندێ شت کە لە پێشیندا باوبووە بەکەڵکی ئێستانایەو پێویستی بەکوتانەوە نیە . . برێ ئاڵوگوێزی ئێستاش مۆرکی بازدانیان پێوەدیارەو لە دواخۆیانەوە بۆشاییەکیان بەجێهێشتوە . . . هەیشە تازەبابەتی هەندەرانەو ئێق‌کردنەوەی پاش تەسەلبوونیانە . . . ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە دەیانکەینەوە بە بەرکوڵ . . ! !

هەرچۆنێکی لێبڵێین ئەم کارەمەزنە بەبێ پلانو خواستی سەردەم ، دەبێتە گەرداوێكو ئەوسەری دیارنەبێ؟! . . .

هەر لە دراسێکانمانەوە تێبروانینو بپرسین :

لەسەرەتاوە چیپاڵی بە عەرەبەکانەوە نا ، کە خووبدەنە وەرگێران . . ؟ .

زاناعەرەبەکان دەڵێن : لە دوادوای دوڵەتی عەباسیدا زۆر لە جوولەکەو گاورەکان– لە داخی سەرانە – لەریزی ئیسلامەکان هەڵخزان . . ئەوانیش فەلسەفەی ئیغریقیو رۆشنبیریی فارسییان باش دەزانی . . . لەو خوێندەوارانەوە دەمەقاڵیوکێشەی «قدرة . . . ، اختیار حَیز ، جەوهەر ، جزء لا یتجزأ ، دور ، تسلسل . ئادابو مناظرة . . . هتد ، ئاوێتەی دەستوورەکانی ئیسلامبوون ، ناچار زانامسڵمانە عەرەبەکان تێوەگلانو بۆ بەرگریی شۆرشەکەیان ، پێویستیان بەو چەکەبوو کە ئەوانی دیکە بەکاریاندەهێنا . . . ئیدی کەوتنە وەرگێرانی بابەتە فەلسەفیو ژیربێژیەکانو لەمەوە چەندان رێبازو مەزهەب کەوتنەوە ، دواتر خوودانە وردەکاریی بیرتاك وژیربێژ بووە مایەی چەشە ژیری (لذة عقلیة) کارەکە تەشەنەی کردو خەلیفەکانیش دەنەی تەرجومانەکانیان دەدانو بە پاداشیدانەوە تیژیاندەکردن[٤]

بێجگە لەوەش زانستو فەلسەفە زادەی ژیرینو جیهانینو مۆرکی نەتەوایەتییان لێنادرێ ، بە پێچەوانەوە ئەدەب ، زمانی سۆزو پەروشی نەتەوایەتیە ، هەرگەلەو دەزگای خۆی هەیە . زمانی سۆزیش مەنتیقێکی دابینکەری نیە .

ئێستاش ئاسۆی زانستو ئەدەب بە تەواوی رەویوەنەوە ، کاروانی ئەم پەراوپەری جیهان لەنیگاو بروسکەیەکدا بەیەکدی دەگەنەوە ، ئەمەش لە پێناوی تێگەیشتنێکی باڵای مرۆڤانەدا ،

کەواتە بە خوایشت و ناخوایشت ئەدەبە خۆماڵی و میراتە نەتەوایەتیەکانیش بە تەوژمی کۆچ وڕەوی دەرکیەکان، جەنجاڵ دەبن، کەواتە تووشی ڕاگوێزی چاك و خراپ دەبین، لایەنە هەموارەکان دەکەینە خۆراکە ماددەی زادە نەتەوایەتیەکانمان و ناهەموارەکانیش پەرچ دەدەینەوە کە نەبنە مایەگەمە بە بیرەوەری ی گەنجەکانمان و سەری زمانیان بە شتی خەتەرناك نەکەوێتە خروو..!!

ئەو کارە بەبێ پرۆژەی وەرگێڕان چارەناکرێ، ئەویش پی'ویستی بە ڕەنگ ڕێژیە. نەوەك ببێتە ئاژاوەگەری و کردە هەرزەیی و هەوەس تاودان، دەناکاتێ بەخۆمان دەزانین کە سیمای نەتەوایەتیمان رووشاوەو سامانەکەشمان شێواوە...

لەمەوبەر گوتمان: (وەرگێڕان لە پێناوی چیدا؟) لێرەدا هەندێ نموونە دەهێنمەوە:

– چاك خوازو زانای قانوونی ئەحمەد فەتحی زغلول پاشا کتێبی «نهێنی ی سەرکەوتنی ئینگلیزە سکسۆنیەکان» ی نووسەری فەرەنسی – ئەدمۆن دی مۆلان – ی، کردە عەرەبی.

مەبەستی من لێرەدا تەنها پێشەکیەکەی ئەحمەد فەتحیە، کە دەڵێ: «نیگا دەدەمە ئەو نەتەوە ئینگلیزەی کە وڵاتان دەخاتە ژێر رکێفی خۆی.. خۆ ئەوانیش ئافەریدەیەکن وەك گەلانی دی!!..

چاو دەبڕمە ئەو کارگەرە داگیرکەرانەی کە لەو نەتەوەیەن و دانەری کتێبەکەش هەر لە ڕەگەزی ئەوانە.. نهێنی ی سەرداریێتی ی ئەو کۆمەڵە سکسۆنیەی، ئاشکرا کردوە، هەتا ئەوان لە وڵاتی ئێمەدابن گەرەکە ئێمە چی بکەین؟!...

دەبێ بەراوردی دۆخی خۆمان و دۆخی ئەوان بکەین... نەریتی ئەوان و نەریتی ئێمە... زانستی ئەوان و زانیاری ی ئێمە... چالاکی ی ئەوان و جووڵەی ئێمە... سامانی ئەوان و هی ئێمە..!!» ئەحمەد فەتحی لەسەر ئەو پێشەکیەی دەرواو دەڵێ:

«مەبەستی من – لە وەرگێڕانی ئەو کتێبەدا – بۆ وریابوونەوەو خۆشی ی نەتەوەکەمە.. هەستی منیش، هەستونەستی ئەو دانەرە سکسۆنیەیە کە لە پێناوی نەتەوەکەی خۆیدا بڵاوی کردوەتەوە».

پاشان ساڵەح جەودەت کەبیر دەڵێ:

زیدە بێژی نیە کە بڵێم: «ئەو کتێبە یەکێك بوو لە هۆیەکانی ڕاپەڕینی نەتەوەکەمان لە باری کۆمەڵایەتیداو لەم سەر دەمەیەدا» . «٥»

بەچاو خۆمانەوە وەرگێڕدراوی تاسەشکێنمان کەمە. ئەو بەرهەمانەی کە لەپێناوی چاکەخوازی و وریاکردنەوەدا بن، تواناو دەرفەتی باشیان دەوێ.

لە توێشەبەرەی ئەم کارانەمانداو حاڵی حازر دیاریەکەی «ڕەسووڵی حەمزەتۆف کتێبیەکەم–داغستانی من – پەنجە نمادەکرێ، لەگەڵ میهرو مرۆڤ دۆستیدا، هێدی هێدی گوێی ئەوانەش بادەدا کە خویان ناناسن و بەسەر هەوارگەی باوانیاندا بازدەدەن... بە دوکەڵکێشی خانوەقورەکانی گوندی «تساداسا» ئەوانە قانگ دەدا کە لە زینی ئەسپەکانیان دابەزیون و لە کەژاوەی هەندەراندا نەبێ، خەویان لێ ناکەوێ...!!

ئەگەر کارەکەی ئەحمەد فەتحی – لە ورگێڕانی «سر تقدم السکسۆنینن» بۆ شارەزابوونێ لە بارەی (نەرم بری و زیتی و پێشکەوتنی سکسۆنیەکان) کارەکەی مامۆستا عەزیزگەردیش (لە وەرگێڕانی داغستانی من دا) دەرگایەکە بۆ خۆدۆزینەوەو مرۆڤ دۆستی. دوای ئەو نمایشە ئیدی پی'ویست بە کوتانەوەی ئەو پرسیارە ناکا:

وەرگێڕان لە پێناوی چیدا...؟!»

کەواتە بەر لەوەی کە نووسەر بە کەیفی خۆی و بۆکەیفی خۆی بەرهەم وەربگێڕێتە سەرکوردی، با لە لووتکەی گەل و نیشتمانەکەیەوە تیێ هەڵبڕوانێ.

بۆ ڕاپەڕینیئێستامان، دانان یان وەرگێڕان؟ ئەگەر (دانان) زەوادبێ، وەرگێڕانیش پێ خۆرە. هەردووکیان شان بەشانی یەکدی پی'ویستن. بەڵام بۆ بابەتی زانستی وەرگێڕان لەسەرەوەیە، چونکە کاروانی گەلانی پێش کەتو سوارەن و ئێمەش پیادەین.. بەتایبەتی ئەو زانستانەی کە پەیوەندیەکی گرنگیان بە باری ژیان و هەڵکەوتی نیشتمانەکەمانەوە هەیە.

ئەو زەمینەیەی کە دانان دەخاتە ژوور وەرگێرانەوە بریتیە لە ئەدەب ومێژوو (زمانیش لە هەمان بواردا) چونکە ئەدەبی هەر نەتەوەیەك مێژووی دەروونی ی ئەوگەلەیەو زیندە وێنەیەکە لە ژیانە ڕاستەقینەکەی، شتێك نیە وەك کوتاڵ لە هەندەرانەوە باربکرێ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە پێشوازی لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری ی نایاب نەکەین.. ئەوانیش پی'ویستن، هیچ نەبێ بۆ پێوانەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمە خۆماڵیەکانمان

لەگەڵ هی دەرەکیدا . . یان وەك رابەرێك بۆ کاری پەسندمان .

وەرگێرانییەك بەرهەمو بۆ چەند جارێك کارێکی رەوانیەکە یەك شت . چەندان جار بکوترێتەوە . چونکە کۆشش بە فیڕۆدەدا . بەتایبەتی بۆ ئێمەی کەم دەرفەت ، دەبێ .

لەوەش بە ئاگابین کە ئەو بەستنەوەیە بەزەحمەت سەردەگرێ . گریمان بەرهەمێك بە کرچی وەرگێردراو یەکێکی دیکەش مافی خۆی دایە . ئایا لەمیان قەدەغە دەکرێ؟!

بە نموونە (گولستانی سەعدی) شاکاریکەو بۆخۆی . مامۆستا زەکی هەناری کردویە بە کوردیو مەلامستەفای حاجی مەلارەسووڵیش دیسان کردویە بە کوردی ، جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندایەو هی ئەویان وەرگێرانێکی دەقاودەق پچڕپچڕەو کارەکەی مەلامستەفاش سەرکەوتوانەیە . هەرچۆنێك بێ ئەو بەستنەوەیە لەوزەی دەزگای دەسەڵاتداردایە . ئەوان دەتوانن رێگە لە بەرهەمی لاوازبگرنو شتی بەکەڵکیش رابپەڕێنن .

سەرگوزەشتەیەك : [٦]

«مەولەوی دەڵێ جارێکیان بە سەفەر چووم بۆ - قەلاّی جوانرۆ - لەوێ کتێبێکی (شیرینو فەرهاد) ی ناتەواوم بینی . زۆر لە لام ناسك بوو .

ویستم بە شیعری خۆم تەواوی بکەم . . دەستم پی کردو چەند شیعرێکم نووسی . کە هینەکانی خۆم لەگەڵ ناتەواوەکەدا بەراوردکردن لە ئاقار خۆمدا شەرمەزار بوومو دەستم لە نووسینەکەی خۆم هەڵگرت .

لێرەدا دەگەڕینەوە بۆ دادگای ویژدان . هەرکەسێکی وەرگێر بێتو ئەوەندە بە ئینسافبێ بەرهەمێك کە بەنایابی وەرگێردرابێ . دەستی تێوەرنادات و چەواشەی ناکاو نایکوتێتەوە . دووریش نیە کە مەولەوی وازی لەو بەرهەمە هێناوە . لەبەر ئەوەبووبێ . . . کە رۆژێ لە رۆژان نوسخەی تەواوی لە قوژنێکەوە سەرهەڵدەدا . دانی بەوەشدا هێناوە کە شاعیری ئەو بەرهەمە لەو بەهرەمەندتر بووە . ئیدی هیچ پێویست بە تێهەڵچوونەوە ناکا . نەخوازەلا کە کارە پێشوەکە نایابتر بووبێ . رێشی تێدەچی کە ئەو بەرهەمە ناتەواوە بەشێك بووبێ لە شیرینو خوسرەوەکەی خانای قوبادی کە لە «٩٧٥» چاپ کرا .

شیعر وەرگێڕان

- زاراوەی «شیعر وشاعیر» :

بەرابەر بەو دوو زاراوە ، لە کوردیدا چەند وشەیەك لە هێنانو بردنی نەیساوەدان ، ئەمەش نموونەیەکی زەقە لە بێئارامیی زمانی نووسینماندا ، ئەم بێئارامیەش نەگریسترین کۆسپە لە بواری وەرگێڕاندا ! !

کارەساتی زاراوەی لەقو نابەجێ ، لە تێنەگەیشتنی نیشانکردی (نووسین بەکوردیی پەتی) یەوە ، کەوتوەتەوە . بەگشتی ئەو دروشمە ، لە خۆیدا پیرۆزە ، بەلاّم بە یەك تەکان نایگەینێو رەوتێکی هێنانەی گەورەکە ، هیچ زمانێك نەیتوانیوە ، وناشتوانێ سنوور لە - بەخشینو وەرگرتن- دابخا ، ئەو دیاردەیەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێك بەندە بە باری مێژوویو هەڵکەوتی گەلانەوە ، هەندێ زمان وای بۆ رەخساوە کە بەلێشاو ببەخشێو کەمتر وەربگرێ ئەویش بە هۆی باری شارستانیو رامیاریو ئاینیەوەیە ، زمانەکەی ئێمەش وەرگرتنی پترە لە بەخشین . ئەمەش نەنگیییو نەنگینەبێ دەسەلاّتی رۆژگارە .

بەرابەرکێی ئەو دوو زاراوەیە :

١ - شعر = هەڵبەست . .
- شاعر = هەڵبەستەوان ، هەڵبەستیار . .
٢ - شعر = هۆنراو ، هۆنراوە .
شاعر = هۆنەر ، هۆنەرەوە .
٣ - شعر = (. . .)
- شاعر = هەستبار [٧]

مامۆستا ئەحمەد هەردی (وەك شاعیر بەم چەشنەی خوارەوە رای خۆی دەبریوە . [٨] «بەلای منەوە وشەی (بوێژو هەڵبەستو هۆنراوەو وێژە . جێگەی (شاعرو شعرو أدب) ناگرنەوە . بەلاّم بەکارهێنانی (هۆنراوە)یان (هەڵبەست) لەباتی (نظم) تا رادەیەك رێی تێدەچێ . ئەبێ دانبەوەدابنێین کە ئەم سێ وشەیە (شاعر . شعر . أدب) ئەمەی دواییانی لێدەرچێ کە کورد بە مەعنایەکی تر بەکاری ئەهێنێ . ئەوانی تریان زۆر بەی کوردزمان تێیان ئەگات . چونکە دەمێکە هاتوونە زمانی کوردیەوە . . کە ئەمە دەستوورێکە هیچ زمانێکی زیندوو نەیتوانیوە خۆی لێبپارێزێ . «قورئانی پیرۆز کە کتێبێکی ئاسمانیە پتر لە سەد وشەی وەکو (فردوس . جهنم . کنز . هتد تێدایە .

هەندێکیان فارسی یا رۆمی یاحەبەشین . بۆ الاتقان في علوم القرآن . قاهره ١٩٥١ –» .

بەلای منەوە رایەکەی مامۆستا هەردی هەڵوێست ژیرانەیە . بەڵام بە خواستی ئێرەو هەمان بۆچوون ، سورێکی دیکەی دەوێ لە مەیدانی فیلۆلۆژی «فقه اللغة» دا .

– **عەقاد ، دەڵێ :**

« وشەی شعر – لەگەڵ ئەوەشدا کە گۆرانێکی زۆری بەسەردا هاتوە ، لەنێو زمانە سامی نەژادەکاندا – دەچێتەوە سەر ئەسڵە عەرەبیەکەی ، بە پێی تێڕوانینی زمانەوانە بڕواپێکراوەکان ، وشەی «شیرو» لە ئەکەدیی کۆندا بە واتای دەنگ‌کێشانو ئاوازدانەوەی سروودەکانی نێو پەیکەرەکانە ، لەوێوە گوێزراوەتەوە بۆ عیبریو بێژەی «شیر» ی سازاوە کە بە واتای سروودگوتنە . .

لە وێشەوە بۆ ئارامیو دەبێتە هاو واتای (شور) و (ترتیل ، ترنم) بەهەمان مەفهوومو بە عیبری بە کتێبی (نشید الانشاد) دەگوترێ :

«شیر هشریم» . .

دوونیە کە ئەو گۆڕانەش ڕاگوێزی وشەی «شعر» بێ بۆ وشەی «شیر» ئەمەش دەسەلمێنرێ کە بزانین دەنگی –ع– و برێ دەنگە گەرووی دیکە ، لە ئەکەدیی کۆندا نەماونەوە . . هەر وەك لە زوربەی زمانەکاندا ، تێداچوونی چەند دەنگێك ڕوویداوە . . .» .[9]

با برێك دابکشێین بۆ زاراوەکانی لەمەر خۆمان :

* هۆنراوە = شیعر . هۆنەر = شاعیر . هەندێ دەڵێن : هۆنراو . هۆنەرەوان . . . لە رووی وشە سازیەوە (هۆنەرەوان) دەقی ئەم مەعنایە دەدا بەدەستەوە :

١ – ئەو کەسەی شوانی ئەو کەسانەیە کە گوریس . ملوانکە . رست . . . . دەهۆننەوە بان چاودێری ئەوانەیە . بە پێ واتای فەرهەنگی .

٢ – ئەو کەسەی کە پاسو پارێزگاریی شاعیر دەکا . بەپێی لێدانەوە مەجازیەکەی . چونکە (هۆنین ین = هۆن + ەر = ئاوەڵناوی کارا = شاعیر ا وان = شاعیرەوان .

– هۆنراو – ئاوەڵناوی بەرکار . نامۆیە چونکە کارەکەی بە هۆی مۆرفیمی (ەوە) وە دەکەوێتە گەردان . کە بڵێینی : (نازەنین پرچی دەهۆنێتەوە . . ناگوترێ . . . دەهۆنێ .

جارێ (هۆنراوە) کە بۆ «نظم» بێ ، بەکار هێنانێکی خوازەکاریەو لە فۆرمو روخسار دەربازنابێ ، وەك هۆنینەوەی بەرمۆرو رست ، بە هیچ کلۆجێك لایەنی ئەندیشەو راونین شاعیرانە ، نێوجەرگە ناکا . بە لێدانەوەیەکی دی (هۆنەرو هۆنراوە) بە خوازەشەوە دەبنە ناو بۆ لاشەی شیعرو شاعیر ، نەك بۆ گیانیان .

بە نموونە کە بڵێین :

(هەلوربلور تەکامە * زەردو سوورو شەمامە . هۆنراوەیەو فری بەسەر شیعرەوە نیە .

ئەم خوازەکاریە کوردیە جێگەی خوازەکاریە ئەکەدیو عیبریەکە ناگرێتەوە ، لەویاندا پەیوەندی واتای بەرایی بە واتای نوێبووەوە بەشەکی و جزئي) لایەنی فۆرمە .لەمیاندا پەیوەندیەکە هەمەکی «کلی»یە . . بۆچی ؟

نەرەو ئاوازە دەنگی سروود ، لەسەر چاوەیەکی پیرۆزەوە (هەیکەلی پەرستگاکان(بە دوولانەیە ئاوازی لەبار لە رشتە وشەی رێکەوە هەڵدەستێ سروودیش دەبێ لایەنی سۆزو جونبوشی تێدا رەچاوبکرێ .

* لەهەمان دەربازگەوە بۆ تاوتوی وشەی (هەستیار = شاعر) کە تازە بەتازە د . کامل بصیر – پەسندیکردوە .

شیکردنەوەیەك :

– هەست = حس + پاشگری – یار = هەستیار : خاوەنی هەست . . لەسەر هاوکێشەی – جووتیار : خاوەنی ئیشی جووت .

بە یاسای زانستی گەردان : (علم الصرف) کە وشەی ئاوەڵناوی کارای (هەستیار) سازدرا . دەبێ لە هەمان بنکەی (هەست) چاوگە ناو (اسم مصدر) یش بۆ (شعر) دابرێژرێو بگوترێ : (هەستو هەستیار) وك (جووتو جووتیار) یان بە رێژەناو بگوترێ (هەستی . هەستانە = شعر) یان بەهۆی مۆرفیمی (وەر) و لەسەر ئاهەنگی (زیندەوەر . جانەوەر) بگوترێ (هەستەوەر = شعر) . . ! ! باری پێڕاهاتنو زەوقیش لەولاوە بوەستێ .

– وادەزانم کە لە شیکردنەوەی وشەی (شعر) دا . برێ زمانەوان زەینیان ترازابێ . واتە وای بۆ چووبن کە (شعر) لە چاوگی (شعور(ەوە دابەزیبێ . بە پێی لێکۆڵینەوەکەش . لە (شیر و شوری) ئەکەدیو عیبریەکەوە بوو .

دەگەینە ئەم قەناعەتە : «ئەگەر هەستیار – بەرابەر بە – شاعر بێ . دەبێ هەنگو تاوسیش شاعیر بن . چونکە ئەوانیش هەستیان تێدایە . خۆ ئەگەر (هەست) بەرابەر بە (حس) نەبێو بەرابەر بە (شعور) بێ . ئەوا هەموو ئادەمییەك . شاعیرە . .؟!! .

شیکردنەوەی زاراوەی (هەڵبەست) پێك هاتنەکەی : چاوگی (هەڵبەستن ن = قەدە چاوگ (هەڵبەست) بەبێ هیچ پێشگرو پاشگرێك . کراوە بە ناوی بەشێك لە ئەدەب وشەیەکی داڕێژراوە لە پێشگری (هەڵ + قەدە چاوگی – بەستن . ئەگەر لێك دراوبوایە وەك (باربەست) یان (داربەست) دەشیا بێتە ناو . یان بە هوی بزوێنی (ە) وە بێتە چاوگەناو . وەك (پرسین – ین = پرس + پاشگری – ە - = پرسە . کەواتە داتاشینی (هەڵبەست) بۆ هەمان مەبەست لە دەستووری زماندا ، ڕێزپەرە . کەواتە ئەگەر گوێ بەنێوەرۆکێش نەدەین . دەبێ قاڵبەکەی (هەڵبەستە) بێ .

واتا فەرهەنگیەکەی :

– بە سادەیی (بەستن) = بەندکردنی شتێك بەشتێکەوە . ئەم واتایە ڕەهاو مەرکەزیە . ئەوەی تێدا دیاردی ناکرێ . کردەوەی (بەستن)ەکە بەرەوژوورە . بەرەوخوارە . یان پۆییە ، یان بەرەوناخە . . . کە هەریەکێك لەو خاسیەتەکارە بەهۆی چەندپێشگرێکە . وەك (تێبەستن . لێبەستن . دابەستن . . . هتد .

بەڵام بە هۆی پێشگری «هەڵ» ەوە . بەرەو ژوورانە کردەوەی – پێوەبەستن دەگەیەنێ ئەم رووداوە بەرجەستانە لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :

– سەرینەی ئاشی هەڵ بەست : چینی لێنانی کەڵەك بەرەو بەرزی .

– قاچی بزنەکەی هەڵبەست :

بەرەو سەروو هەپەی داری لێبەندکرد ، تا جێی خۆی بگرێتەوە .

– دەمی هەڵبەستبوو :

بەرەو ژوور بە لفکەی مێزەر یان دەستەسر بەریگرتبوو ، وەبەری هەڵنابوو . . .

– هەوجار هەڵبەستن :

دەمدانی پارچە پارچەی ئاموور بەشێوەیەکی حاددەو بەرەو سەروو . . هتد .

لە بنەرەتدا پێشگری «هەڵ» رووداني کار ، بەرەوژوورانە ئاراستەدەکا . وەك (سنگەکە بەزەویدا داچوو) یان (شیرەکە هەڵچوو) : بەرەوژوور سەری کرد . . جا – ئەگەر لە جوولاندنی بەرەوژووریش دابەزێ ، دەبێ تاراددەیەك ئەو تایبەتە نەدۆڕێنێ .

– واتا رەوانبێژیەکەی :

هەر لەم دەمدانو پێوەبەندکردنو پێوەهەڵسەپاردنەوەوە ، بە خوازەکاری کورد دەڵێ : «قسەی بەدەمەوە هەڵبەست» واتە درووی بۆ سازاندو بەچەشنی دەمەوانە بە بەردەمیەوە هەڵدا . کەواتە پەیوەندیی واتاێ بنجیی و واتای نوێباو پێوەبەندکردنو پێوەهەڵواسینە .

گفتو قسەی لە لاوە بەندکراو لە توخمی ساختەو دەلەسە تێناپەڕێ . .

هەرکاتێ بە «شعر» مانگوت :

– هەڵبەست بە ڕێژگەهەڵەکە . یان هەڵبەستە بە ڕێژگە تەواوەکە . دەبێ لە بوختانو درۆپاڵدان دەرنەچێ . شیعریش گەلێ لەوە مەزنترو شکۆدار ترە . .!!

من بەبێ هیچ نیگەرانییەك لەو زاراوە ناسازانەم کۆڵیەوە . خوایکردو وشەی پراوپرو پاکزای لەمەڕ خۆمان دۆزرایەوە . ئەوا پێشوازییانلێدەکرێو لەم کارە رەهاتەش رزگارمان دەبێ .

شیعر لە زمانێکەوە بۆ زمانێك

جاحظ بڕوای وابووە کە نابێ شیعری عەرەبی وەربگێردرێتە سەر زمانێکی دیکە . چونکە کێشە عەرەبیەکان موعجیزەیەکی تایبەتینو شایستەی خۆیانە . .

بەهەمان مۆسیقاو ئاوازەوە . ڕاگوێزناکرێن . ئەمەش ڕێلیگرتنو قفڵدانە . !!

هەندێکی دیکەش هەر لەو باوەڕەدان کە شیعر وەك خۆی وەرناگێردرێ . ئەم رایە دەرگا لێداخستننیەو ڕێشی تێدەچێ . چونکە هیچ کەسێ ناتوانێ بچێتە ناخی ئەندێشەو روانینی شاعیرەوە . . هیچ زمانێکیش ناتوانێ کوتومت وێنەی زمانێکی دیکە بگرێ .

بەڵام شاعیری داهێن دەتوانێ تەواو لە ئەسڵەکە نزیك ببێتەوەو گیانە شیعرەکە نەچرووسێنێ .

خۆ ئەگەر دوو زمانەکە هاوخێڵبن ، ئەوا کارەکە گونجاوتر دەبێ . کەواتە بۆ بەراوردی هەندێ نموونە :

خەیام دەڵێ :

«این کوزه چو من عاشق زاری بوداست دەربند سرزلف
نیگاری بوداست این دسته که درگردن او می‌بینی دستیست که
درگردن یاری بوداست»

شێخ سەلام ئاوای وەرگێڕاوەتە سەر کوردی :

«ئەم گۆزە وەك من عاشقێ بوو زار
بە تاڵی زوڵفی یارێ گرفتار
ئەو دەستە ئێستە تەوقی ملیە :
دەستێ بوو کام دەست ؟ دەستی ملی یار»

ئوستاد عبد الحق فاضل هەمان چوارینەی کردوەتە عەرەبی :

«کأنّ هذا الکوز مثلي عاشقا جد کئیب سحرته طره المحبوب
بالحسن العجیب وتأمل عروة في جیده موثقة
فلقد کانت ذراعا طوقت جید حبیب»

دیسان ودیع البستاني بە شیعرەوە دەڵێ :

«وکأني بالکوز قد کان صبا
مبعدا أملا دنوا وقربا
هائما مائتا غراما وحبا
وکأني بعروتیه ذراعا
عاشق ضم من أحب وداعا»

بابزانین لەو چوارینەیەدا کامیان نیشانە شکێنترە ، بەچاو — سەلام ەوە : دارشتنەکەی (خەیام) لە نیوە شیعری یەکەمدا ئاوەڵناوی (زاری = پەریشان) ناپسێنێتەوە تەگەرەی نەخستوەتە رستەسازیەوە . لە کوردیشدا هەمان رستەسازی بەو شێوەیە ، کەچی سەلام — ئاوەڵناوی (زار = زاری) ترازاندوەو ، کاری (بوو) ی پێش‌خستوە . ئەگەر لەبەر لەنگەری شیعرەکەی نەبێ بە هەڵەیەکی ڕێزمانی دادەنرێ لەبەر هەمان ناچاری (زاری) کردۆتە (زار) . لە نیوە شیعری دوەمیدا . دەقەکەی خەیامو بەدارشتنێکی کوردانە پێکاڵ‌پێك دەبێ کە بڵێن : (این دسته که درگردن و می‌بینی = ئەو دەسکەی‌کە لەگەردنی ئەودا دەی‌بینی) ئەم کردویەتی بە (. . . ئێستە تەوقی ملیەتی) لە نیو دێری دواییدا کاری (بوداست) ی لابردوەو پرسیاری (کام دەست؟) ی لێ‌زیادکردوە رستەسازیەکەی خەیام بێتو لە پەخشانێکی کوردیدا وشە بەوشەبێ لەگەڵ دەستووری زمانەکەماندا گونجاوترە لە رستەسازیەکەی سەلام . لەگەڵ ئەوەشدا سەد ئافەرین لە شاعیرمان کە ئەمانەتەکەی پاراستوەو گیانە ئەسڵەکەی نەشێواندوە ، ئەمەش بەچاوپۆشین لە کەمێك ئاڵوگۆڕ .

لێرەدا تەردەستی بە لای (عبد الحق فاضل) ەوەیە . کە بەو زمانە دوورەنەژادە توانیویەتی دەقاودەق وەربگێڕێ لەگەڵ کەمە جیاوازییەکدا هەستە شیعریەکەشی پاراستوە . بەو دارشتنە بێگەردە عەرەبیە . کەسێ فارسی زانیش‌نەبێ . پێی فێری زمانەکەی خەیام دەبێ بەڵام وەرگێڕانەکەی ودیع بستانی ئەوەندە لە ئەسڵەکەوە دوورە . بە نیوەدێری (وکأني بعروتیه ذراعا) نەبێ . زەین بۆ ئەوە ناچێ کە تەرجەمەی چوارینەکەی لەمەڕ خەیامە .

هەڵبژاردنی وشەو زاراوە

١ — پەیدابوونی چەند زاراوەیەك بۆ واتای یەك وشەی بێگانە :

ئەمە کارێکی ناهەموارەو دەبێتە مایەی ڕێسەو نەکۆکی . نە دەتوانرێ بەرابەر بە یەك واتا یەك زاراوە دەست‌نیشان‌بکرێو وەرگێڕەکە ، باری‌لێ‌نەگوڕێ . بە نموونە لە عەرەبیدا «الانتماء ، الانضمام ، المنتسب» هەموویان لەبری یەکدی بەکاردەبرێن ، لێرەدا پێ‌ویست‌ناکا وەرگێڕکە لاسایی سەرجەمی ئەم وشانە بکاتەوە :
«خۆخستنە ناو ، هاتنەریز ، هاتنەناو ، لەگەڵ کەوتن ، سەربە . . .» بەپێی لیستە زاراوەکانی‌کوردی .(١٠)

٢ زاراوە جیهانیەکان :

ئەو زاراوانەن کە نەتەوە پێشکەوتوەکان لەسەرێن پێك‌هاتونو هیچ‌گەلێك سڵیان‌لێ‌ناکاتەوە ئێمەش لە لایەن خۆمانەوە بەکاریان‌دەهێنین جا بە کەمە گۆڕانێکی ددنگسازیەوەبێ یان وەك خۆیان . وەك : «تەلەفۆن . پێ‌ویست‌ناکا لە واتای (هاتف) ەوە وشەسەکی بۆ سازبدەینو بڵێین دەنگ‌کێش ، دەنگ‌هێنی . یان تەلەدەنگ . سیمەدەنگ . . .هتد . یان وشەی Film — فلم سواوەتەوەو بووەتە «فلیم = Filjm وشە سواوەکە جێی‌خۆی‌گرتوە .

٣ — پاراستنی تایبەتە زمانیەکان بە پێی جۆرو شوێن — ڕێ‌دەکەوێ لە زمانێکداو بۆ یەك واتاو مەبەست تاکە وشەیەك لەکاراایە کەچی لە کوردیدا بە چەندان وشەی تایبەتی . بە خواستی شوێن‌و گروپ باری‌لێ‌گۆڕداراوە . جا ئەگەر شارەزای

ئەو وشە فۆلكلۆریانە نەبین ئەوا وەرگێرانەکەمان دەبێتە مایەی جەفەنگ بەنموونە :

بەرابەر بە (نكافـو زوکام) کورد دەڵێ :
«گایەکە گاوە ناسیەتی»
«پیاوەکە هەڵامەتیەتی»
«مەرەکە پزوویەتی»
«کەرەکە مقاویەتی»

جا ئەگەر گوترا : «کەرەکە هەڵامەتیەتی» یان «ئافرەتەکە پزوویەتی» ئەوا شکۆی زمانەکە دەرووخێ .
یان لە عەرەبیدا ئەوە سەریگرتوە کە بڵێن :

« - کثافة النفط لە کیمیادا
کثافة الغابة لە دارستاندا
کثافة السکان لە جوغرافیەدا
- کثافة اللحیة لە رووخساردا»

کەچی لە کوردیدا بە پێی هەرچوار شوێنەکە وشەی تایبەتی داوە بەدەستەوە . کە دەڵێین :
« نەوتی خەست
دارستانی چڕ
- شاری جەنجاڵ
- ریشی پڕ .»

کەواتە هەرزمانە خاسیێتو تایبەتی خوی هەیە .

٤ - چێژو هەست لە وشەدا

لە هێڵەگشتیەکانی هونەری وەرگێراندا بەم چەند خاڵەیەی خوارەوە ئاشنادەبین :
«چێژ . باوی گشتی . ئاسنگۆیی . هەست پاراستن لە گوتن و مۆسیقاو واتادا »
٥ - کارپەسندی لەوەدایە کە تاکە وشە بەر ستەیەك لێنەدرێتەوە . . تا دەتوانرێ رستە بۆرستەو گرێ «عقدە» بۆ گرێ . . .
لە کوردیدا موعجیزەی وشەی دارێژراوو لێك دراو دیاردەیەکی خۆماڵیەو رستەو دەستە رستەیان پێدەکرێنەوە بە تا گەوشە .
لەم بارەیەوە بابەتەزانستیەکان ئەو دیاردەیان تێدا رەچاودەکرێ . چونکە زاراوەکانیان دیاریکراون و زوربەشیان بەرجەستەن .
بەش بەخۆم پیرۆزبایی لە لیژنەی وەرگێرانی کتێبی (زیندەوەرزانی و دروستی)ی قۆناغی نێوەندی و ئامادەیی دەکەم . نێوبەنێو لەگەڵ مامۆستا فوئاد عیزەتدا دەکەوتمە چەندو چۆنی وشەی لێكدراوەوە . بە تایبەتی لە وەرچەخاندنی سیفە لەسەر مەوسووفـو دارشتنی لە قاڵبی لێكدراوداو گێرانەوەی ئەو تایبەتیە زمانیەمان بۆ هەوارگەی خۆی .
زۆر بەجێیە کە نووسیویانە :
«ماسولکەریشاڵ = الألیاف العضلیة .
ماتە وزە = الطاقة الکامنة .
گەرمەوزە = الطاقة الحراریة . . .»

کەمێ لەمەوبەر ئەوەم درکاند کە یەکێك لە مەرجەکانی وشە هەڵبژاردن پاراستنی هەستو نەستی مەعنەویە . بەنموونە : شێخی طهطاوی کە زانابووەو کتێبی زیندەگانی فەرەنسەی وەرگێراوە . دەستە واژەیەکی فەرەنسەیی کردوە بە «الخفر الجنسي»[11] ئەمە لەباتی ئەوەیکە بنووسێ «الحرس الوطني . الحرس الأهلي» دیارە بە تەوژمی شەرمو حەیا . خەڵکی لەو دەستەواژەیە دەتەکێنەوەو لە زەینی عەرەبیزاندا «حرس أهلي» نادا بە دەستەوە . جا ئەگەر (خەفەت جنسی) یەکەی لەمەر طهطاوی بکەینە کوردی . دەبێتە مایەی شەرمەزاری . ئەمەش لە هەلومەرجێکدابێ کە مەبەستمان «بەرگری نیشتمانی» بێ . .؟! .
ئەو دەردە کە تووشی زمانێکی وەك عەرەبیی و پانوپۆر بووبێ دەها ئەوەندەش بەرەنگاری ئێمەبووە .
کەواتە دڵنیاکانەو بەبێ هیچ نیگەرانیەك چەند نموونەیەکی خوشمان دەخەمە بەرچاو :
١ - تەراتێن = مسابقة .
٢ - فرۆکەیفووکەرە = الطائرة النفاثة
٣ هەڵپە = حملة »[12]

- مسابقة : واتایەکی بەرینی ناسکی هەیە . بەڵام وشە تازەکەی ئێرە : «تەراتێن» بە خوازەو بۆ داشۆرین و گاڵتەجاری جێی خۆی دەکاتەوە . دوورەو بەرتەسکە بۆ ئەو مەبەستە هێمنەی

که (مسابقة) دەیگەیەنێ . گریمان ئەم رستەیەمان کردەکوردی : (نعتز بهذه المسابقة الأدبية) بەو حیسابە دەبێتە : «شانازیی بەو تەراتێنە ئەدەبییەوە دەکەین» سەرەرای هەمووی ، وشەکە – تەراتێن – لە زەینی ئێمەدا ، نمایشە بۆ (هەڵتیزانو راوراوێمو غاردانی ولاّخە بەرزەی ئاغرو سەرشێت» .

وشەی «نفاثه» لە زەینی عەرەبی نەژادا سەنگینو بەجێیە . حسە واتاییەکەی «فووکەرە» ی لەکن ئێمە ، بابەتی مووشەدەمە ، یان پەمپەهەوا ، رادەگەیەنێ . ئەگەر هەمان (فووکەرە) ببێتە ئەسڵو دقاودەق بکرێتە عەرەبی ، دەبێتە (النافخه) . . هیچ عەرەبیزمانێکیش ، قابل نابێ کە بۆی بنووسرێ :

«الطائرة النافخه = فڕۆکەی جێت»!! .

زاراوەی (هەڵپە) واتای (حمله)ی پێدابینناکرێ ، گریمان (الحملة الوطنية)مان وەرگێراو گوتمان (هەڵپەی نیشتمانی) هەرگیز گەرموگوڕیی (هەڵمەتی نیشتمانی) ناگەیەنێ ، چونکە – هەڵپە – سەر بە دزیوکاریەو بەرابەری «جشع»و چڵێسیە ، هەر لەم دەربازگەیەوە دەگوترێ «فلان بە هەڵپەیە . . !!» .

نیگایەك

راستە کە دەگوترێ : – «هەروەك –مرۆڤ لە یەك دۆخدا ناوەستێتەوە ، زمانەکەشی هەمیشە لە گۆڕانو تازەبوونەوەدایە . . .» لەوانەیە ئەمرۆ ئێمە بە چەند وشەو زاراوەیەك رازیبینو نەوەکانمان لێیان بەرگەشتەبنو لەگەڵ بیریتازەیاندا باشار نەکەن ، ئەمەواو چاوەروانیی ئەوەش دەکرێ کە بە خواستی کاری رۆژانە ، لێشاوی زاراوەو بێژەی تێکەڵو ئاوەکی ، لووزەوبستێنێ جا زربن ، رەسەنبن ، دورەگبن ، ئەمانە هیچ هێزێك ناتوانێ لە زمانی قسەدا ، بەربەستیانبکا . لە ترسی ئەم خاڵە سامناکە نەتەوە سەرکەوتووەکان زمانی نووسینیان بە دەستووری تایبەتی دیاردیکردووەو بەچەندان زانست پاسیدەکەنو لەسەر شێوەزمانی هۆزێك یان هەرێمێکیان پێكهاتون .

دەستمایەو خەرمانی زمانی هەموو نەتەوەیەك بابەتی فۆلکلۆریو کەلەپووری دێرینیانە ، نووسەر وەرگێڕبێ یان دانەر یان لێکۆڵەرەوە ، هەرچیەکبێ ئەگەر ئەو زەخیرەیەی نەبێ دۆشدادەمێنێ . ئەم پرسیارە .

– ئەگەر هەندێ وشەی رەسەنو فولکلۆری دەستچنبکەینیو بە تاوی رەوانبێژیو بەیانی کوردی ، دایانبەزێنینە مەیدانەوە بەچ داڵدەیەك سەردەگرێ ؟ –

تاکە پەناگاو پشتیوان ، بریتیە لە باوەر بەخۆبوونو شانازی بە زمانو نەریتی دێرینمان . . ئەگەر لەو روانگەیەوە تێبڕوانین نەزمان دەرووشێو نەمایەپووچیشدەبین .

پەراوێزو سەرچاوە

١ – مەحموود دەروێش – شاعیری فەلەستینی – بەپێی ئەم سەرچاوەیە :– هاوکاری / ٩٨٠/١/٢١ .
٢ – نێتشە – ألف هدف وهدف . .
٣ – فن الترجمة ص ٩ /الدكتور محمد عوض .
٤ – فن الترجمة في الأدب العربي / ص ٧٣ – محمد عبدالغني .
٥ – هەمان سەرچاوەی پێشوو .
٦ – دیوانی مەولەوی ل . أ . / مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس .
٧ – زاراوەی کوردی ل ٩٩ د . كامل بصير .
٨ – گۆڤاری برایەتی ، ژ ١٠ ی ٩٧١ .
٩ – اللغة الشاعرة ، ص ٢٨ – عباس محمود عقاد .
١٠ – زاراوەی کوردی ل ٩٥ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو .
١١ – « فن الترجمة في الأدب العربي ص ١٩٥ هەمان سەرچاوە .
١٢ – خوێندنەوەی بەسوودی سەرەتایی چاپی ١٩٧٩ .
١٣ – وەرگێڕان هونەرە – جەمال نەبەز – ٩٥٨ .
١٤ – زمانی کوردیو هونەری وەرگێڕان – کەریم زەند – ٩٧٧ .
١٥ – أصوات و اشارات أ . كوندراتوف – ترجمة ادورد يوحنا – ٩٧١ .
١٦ – الموسوعه الصغيرة رقم – ٥٣ – –د . ابراهيم السامرائي .
١٧ – دەستنووسی – چەند تایبەتێکی زمانی کوردی رەئووف ئەحمەد ئالانی .

تێبینی : لە کۆڕێکی رۆشنبیریداو لەهۆڵی – دار المعلمات – لە سلێمانی . . لەرۆژی ٩٨١/٣/١٧–دا ، خوێندرایەوە .